# فەللوجە.. شەرعییەتبەخشی دەسەڵاتی کوردییە

فاضل قەرەداغی

فەللوجە فریای دوو حزبی دەسەڵاتداری کوردی کەوت، بزانن چۆن:

هەموومان لەناو ڕووداوەکاندا ژیابووین چونکە ئەمە دوێنێ بوو نەك مێژوویەکی کۆن. ئێمە هەموو بینیمان چۆن پاش کەوتنی بەغدادو پاش ئەوەی زەوی بۆ ئەمەریکا لەعیراقدا تەخت بوو هێزەکانی دەستی کرد بەچەککردنی چەکداران، سەرەتا بینیمان چۆن هێزەکانی ئەمەریکا چەکدارەکانی ناو کەرکووکیان چەك دەکردو چۆن (سپرەی)یان دەکردە ناو تفەنگو دەمانچەکانی چەکدارەکان تا لەئیشبکەون. ئەوەش بووە نوکتە کەچۆن دووکەس پێکەوە دەڕۆشتن‌و سەربازە ئەمەریکییەکان سپرەییان کردە ناو دەمانچەی یەکێکیان، ئەوی تریشیان وایزانی دەمانچەکەیان بۆ چەورکردووە بۆیە دەمانچەکەی خۆی دەرهێناو وتی: توخوا ئەمەی منیش چەور بکەن!

شاڵاوی چەککردن خەریك بوو بەرەو هەرێم بێت‌و نەك تەنها میلیشیاکانی پارتی‌و یەکێتی چاوەڕێی هەڵوەشاندنەوە بوون بەڵکو تەنانەت دەزگا حزبییەکانیش دەستیان کرد بەناردنەوەی ئەندامان، لەدەزگایەکی ڕاگەیاندنی یەکێك لەم دووحزبە بەکارمەندان وترا کێ دیەوێت بێ پارە ئیش بکات با بمێنێتەوە، ئەوەشی نایەوێت با بڕواتەوەو ئیشێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

لەبارەگایەکی حزبەکەی تریش کارمەندان بارەگاکەیان چۆڵ کرد کەبەکرێ گیرابوو و کرێکەیان بۆ نەددەرا. خاوەنی دوکانەکانی دراوسێشیان گەیشتەنە سەریان‌و داوای قەرزەکانیان کرد بەڵام بارەگا موفلیس بوو بۆیە دوکاندارەکان پەلاماری کەلوپەلی بارەگاکەیان داو لەبری قەرز هەموویان برد.

ئەمە تەنها دوو نموونەیە بۆ مێژوو دەیانڵێم، هەر کەسێکیش نموونەی تری هەیە بەسوپاس و منەتبارییەوە لێی وەردەگرم تا ئەم مێژووە بەئاسانی تێنەپەڕێت.

گلەیی‌و بۆڵە لە ئەمەریکا لەلایەن دوو حزبەکەوە کرا، حزبە بچووکەکانیش، تەنانەت ئەوانەی هاوپەیمانانی دوو حزبی فەرمانڕەوا، گەشانەوە چونکە بەچاوی خۆیان کۆتایی هێنانیان بەهەیمەنەتی ئەو دوو حزبە بینی.

بەڵێ" گلەیی بەرزبووەوە تەنانەت لەوانەشەوە کەچاویان توند نوقاندبوو بێ قەیدو شەرت شوێنی ئەمەریکا کەوتبوون. ئەوانەی ئەمەریکایان بەڕزگارکەر دەزانی گلەییان کرد، ئەوانەی لەڕۆژانی شەڕدا ڕۆژنامەکانیان پڕ کردبوو لەوێنەی مارینزی ئەمەریکی‌و سەروەرییەکانی ئەو مارینزە فریادڕەسە..

بەرامبەر بەوەش جەماوەر گەشابووەوە، ئەوەی نەیدەوێرا قسە بکات قسەی دەکرد، ئەوەی ساڵانێك بوو دەیویست بە ئاشکرا جنێوێك بدات بەڵام ترس دەمی بەستبوو کەوتە جنێودان (ئێمە لەگەڵ جنێودا نین بەڵام ئەمە هەستی میللەت بوو). ئەوەی هەر دەوێرا جنێوبە بەرپرسی فەرمانگەیەکی حکومی بدات (جنێودان بەو کەسانە قەدەغە نییە چونکە پیرۆزییان نییە تەنانەت لەکاتی صەددامیشدا) کەوتە قسەوتن بەپیرۆزییەکانی حزب کە لەپیرۆزییە خوداییەکان گەورەتر کرابوو.

خۆپیشاندان بێترس دەکراو جەماوەر زیاد لەیەك جار پەنای بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان برد، لەهەولێر بۆ

نموونە بەڕێوەبەری فەرمانگەیەك هەبوو كە كاتی خۆی كەس لەفەرمانبەرانی بە زەحمەتێكی زۆرەوە نەبێت نەیدەتوانی چاوی پێ بكەوێت بە چاوی خۆی بینی چۆن فەرمانبەرەكانی ڕێپێوانیان بۆ لای هاوپەیمانان سازدا ئەویش، دیكتاتۆری دوێنێ، شوێنی ئەوان كەوتبوو و بە بەساقەو بەقوربان داوای لێ دەكردن بگەڕێنەوەو تا داواكارییەكانیان جێبەجێبكات. شالاوی سكالانووسین لەدەسەلات هێندە گەورە بوو، دەسەلات لەدهۆك، بۆ نموونە، فەرمانی دابوو نووسینگەكانی وەرگێڕان سكالا نەكەنە ئینگلیزی.

ئەو وەزعە، كەماوەیەكی كورتی خایاند، زۆرتر هەڵدەگرێت بۆ لێدوان و مێژووەیەكە بۆ خۆی و داواكارم لەهەركەسێك شتی لەم بارەوە هەبێت بۆۆمبنێرێت یان بۆ خۆی تۆماری بكات، ئەگەر بۆ بلاوكردنەوەی ئەمڕۆش نەبێت بۆ ڕۆژانی داهاتوویان هەڵبگرێت كەهەست دەكەم دواڕۆژێكی زۆر دوور نییە.

وەك وتم وەزعەكە زۆری نەخایاند و كاری توندو تیژی لەناوەڕاستی عیراقدا دژی ئەمەریكا دەستی پێكرد و فەللوجە لەو ماوەیەدا ناوی دەركرد. لەگەڵ زیاد بوونی كاری چەكداری لەناوەڕاستی عیراقدا ڕەسیدی دەسەلاتی كوردی بەرزبووەوە تا گەشتە ئاستێك نزیك لەجاران، فەللوجە لەمەدا فریای پارتی و یەكێتی كەوت. ئەم دوو حزبە شەرعییەتیان لە هیچ وەرنەگرت، خۆشمان دەزانین دوانزە ساڵە بەسەر یەكەم هەڵبژاردن تێپەڕیوە، تەنانەت ئەو هاوپەیمانێتییەش، گوایە هاوپەیمانییە، كە لەگەڵ ئەمەریكادا هەیانبووە شەرعییەتی مانەوەو حوكمكردنی وەكوجارانی پێ نەبەخشین، تەنها یەك شت ئەو شەرعییەتەی پێدان: فەللوجە.

لەم كەین و بەینەدا جەماوەر زیانی پێكەوت چونكە ئەمەریكا پشتی تێكردن، ئەوە ئەگەر بڕوا بكەین كە لەسەرەتادا ڕووی تی كردبن. ئەمەریكا ئێستا ڕێگری لەزۆركاری دەسەلات ناگرێت و بووەتە پاڵپشتی ئەودەسەلاتە بەمەرجی هێشتەنەوەی كوردستان بەئارامی، كورد لەو ئارامییە سوودمەندە بەلام دەبێت باجەكەش بدات: كەوتنە ژێر هەیمەنەتی دوو حزبی دەسەلاتدارو بەم جۆرە جارێكی تر ئەو هاوكێشەیە دەسەلمێت كە ئەركی هەموو كەسێكی خاوەن ویژدانە وەزعێك بخولقێنێت ئەو هاوكێشەیە لەئیش بكەوێت: "دابین كردنی ئاسایش بەزەوتكردنی زیاتر ئازادی". بەڵێ پێویستە ئەركی هەریەكە لەئێمە بێت چارەسەرێك بدۆزێتەوە بۆ ئەو ئەنجامە خراپەی دابینكردنی ئاسایش و بۆ خراپ سوودوەرگرتن لەو دابینكردنەی ئاسایش و تەسككردنەوەی ئازادییەكان بەناوی ئاسایشەوە.

وەزعی ناوەڕاست و ملنەدانی باشووریش فریادڕەس بوو بۆ دوو حزبەكە بەلام بێگومان لەلایەنێكی ترەوە بەكەڵكی كورد بەگشتی هات چونكە ئەو وەزعە شڵۆقە هەروەها ڕەسیدی كوردی بەرزكردەوەو بەم جۆرە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەمەریكا چەند داماوە چونكە لەعیراقدا دڵسۆزی ڕاستەقینەی نییە تەنانەت كوردیش كە حەز دەكات ئەمەریكا زیاتر لەناوەڕاست و باشووردا بچەقێنێت.

لەو وەزعەش كەلەسەرەوە باسم كرد شتی تر سەلمێنرا ئەویش كە ئەمەریكا هاوڕێی گەلان نییە بەڵكو پشتیوانی حكومەتەكانەو لەمەدا (ڕۆما)ی كۆنم دەكەوێتە یاد كە پشتگیریی حكومەتە ئەرستۆكراتەكانی دەكرد نەك حكومەتە میللییەكان ئەمەش هەڵدەگرین بۆ باسێكی تر. ئەم بابەتەی ئێستاش بە ئامۆژگارییەك بۆ دووحزبەكە كۆتایی پێدەهێنم: بەڕووكەش چی دەڵێن بڵێن بۆ ڕەزامەندیی ئەمەریكا بەلام بەدڵ دوعا بۆ فەللوجە بكەن، فەللوجە فریاتان كەوت، ڕاستە مەبەستی نەبوو خزمەتتان بكات بەلام ئەنجامی كارەكانی بۆ خۆتان بوو و ئێستاش هەر بۆ خۆتانە.